




# لەباربردنی منداڵ مافی ژنە یان تاوان؟



لەباربردنی منداڵ ڕای جیاوازی لەسەرە

فۆتۆ: مكتوب

**"ئەو ساتەی کە پێیانوتم سکت سێ مانگو نیوە ویستم خۆم بکوژم چونکە ئەوە دواجاربو کە بریارمدابو نەگەرێمەوە لای مێردەکەمو لێی جیاببمەوە، بەڵام هیچ پزیشکێ منداڵەکەی بۆ لەبارنەبردمو کچێکی بێدایکم هێنایە دنیاوە". ئەمە قسەی دڵنیای تەمەن ٢٠ ساڵ بو کە ماوەی تەنها یازدە مانگ لای مێردەکەی بوەو لەبەر خراپی مێردەکەیو لێدانو ئازاردانی زۆری لێیجیابۆتەوە.**

ئا: سارا قادر

ئەو بەدەم گریانەوە بۆ کچە بێدایکەکەی کە هەر تەنها ئەو ساتە بینیویەتی کە لەدایکبوە ئاخی هەڵدەکێشاو نزای توندی لەو پزیشکانە دەکرد کە هێشتیان کچێکی بێدایک بێتەدنیاوە. دڵنیا لەخێزانێکی هەژار بوەو باوکی خەریکی کرێکاری بوە، شەش خوشکو برای تری هەیەو بۆیە هەر ئەم دەگاتە قۆناغی یەکی پەیمانگاو داواکاری دێت باوکی داوای لێدەکات کە ڕازی ببێت بەوەی شوبکات بەو کوڕە چونکە باری ژیانیان یەکجار گرانەو فریای منداڵەکانی ناکەوێت "ئەو کات بەناچاریو لەبەر قسەی باوکم شومپێکرد بەڵام هەرچەند هەفتەی سەرەتا بێلێدانو کێشە بوم دواتر هەمو هەفتەیەک لێیدەدامو شەڕی ئەوەی پێدەفرۆشتم کە نابێ بچمەوە پەیمانگا، کردمی بەسەرپۆش بەسەر بەبیانوی ئەوەی لەگەڵ کورددا دەوام دەکەم، بەهەرحاڵ هەر رۆژەو بیانویەکی پێدەگرتم تا گەیشتە ئەوەی لەدەستی ڕامکرد".

دڵنیا دوای ئەوەی چەند جارێک بەتۆراویی دەچێتەوە ماڵی باوکی دواجار بۆ ماوەی دو مانگ لەماڵی باوکی دەمێنێتەوەو باوکی سوێند دەخوات کە ئەمە دواجارەو دەبێت کورەکە لێیجیابێتەوە بەڵام لەسەرلەئێوارەدا دڵنیا دەکەوێتە رشانەوەو کاتێک دەیبەنە لای پزیشک ئاگاداریان دەکات کە دوگیانەو سێ مانگو نیوە سکەکەی، دڵنیا وتی" هەر لەوێدا خۆمو دایکم کەوتین بەسەر دەستو پێی پزیشکەکەدا کە نەهێڵێ ئەم منداڵە بێتە دنیاوە بەڵام ئەوان نەیانبیست بەبیانوی ئەوەی لەڕوی یاساییەوە ڕێگە پێنەدراوە". دایکی دڵنیا بەباوکی ڕادەگەیەنێ کە کچەکەی دوگیانە بەڵام باوکی لەسەر قسەی خۆی سوردەبێت کە دەبێت جیاببنەوە بۆیە ماڵی خەزورانی ئاگاداردەکەنەوەو ئەو رۆژەی لەنەخۆشخانە کچەکەی دەبێت ناوکی دەبڕنو یەکسەر دەیدەنەوە دەست باوکیو دایکێک کە ماوەی نۆ مانگ ئازاری بەمنداڵێکەوە کێشاوە بێنازو بێمنداڵ دەچێتەوە ماڵەوەو ساوایەکی تازەش مەحروم دەکرێت لەمەمکی دایکی.

دڵنیا دەستی نزای شەڕی بەرزدەکردەوە لەپزیشکەکان بەوەی کە سەرەتا بۆیان لەباربردایە تائێستا هەمیشە خەیاڵی لای جگەرگۆشەکەی نەبوایە کە ڕەنگی ناناسێت ئەو ڕەخنە دەگرێت لەسەرجەم ڕێکخراوەکانی ژنانو ژنانی پەرلەمان کە تائێستا نەیانتوانیوە پرۆژە یاسایەک پێشکەش بکەن کە لەباربردن وەک مافێکی ژنان بناسێنێت چونکە" ژنانی ئەم وڵاتە لەهەمو ڕویەکەوە بێمافن، سەرباری ئەوەی زۆر نەشارەزاو ناهۆشیارن بەچۆنیەتی دروستبونی منداڵو ئەو مەسەلانەی پەیوەندیدارن بەجەستەی خۆیانەوە بۆیە زۆرجار نازانن کە لەچ کاتێکدا منداڵ دروستدەبێت یان زۆرجار سوڕی

Awene News
Like 83,447

ریکلام













ریکلام









مانگانەیان بەردەوامە لەکاتی سکپڕیدا بۆیە نازانن دوگیانن کەچی سەرباری ئەو هەمو ناهەقیەی بەرامبەر بەژنان دەکرێت جارێکیتر خەڵکە رۆشنبیرو بەناو عەلمانیەکانیش دەکەونەوە ژێر کاریگەری یاسا ئایینیەکانو بەناوی گوناهەوە ناهێڵن ژن مافی لەباربردنی منداڵێکی هەبێت کە خۆی هەڵگریەتیو رەنگە زۆر ئازاری پێوە بچێژێت".پزیشکەکان ڕای جیاوازیان هەیە سەبارەت بەلەباربردنی منداڵو هەریەکەشیان هۆکارو پاساوی خۆیان هەیە بۆ ئەوەی منداڵ لەبارببرێت باشترە یان ئەو مافە نەدرێت بەژنان.

دکتۆرە ناهیدە کەریم کە لەساڵی ١٩٦٥ بڕوانامەی بەکالوریۆسی لەکۆلێژی پزیشکی زانکۆی بەغدا وەرگرتوە لەباربردن بەمافی ژن دەزانێتو لەو بارەیەوە وتی" دروستکردنی منداڵێکو بەخێوکردنی ئەرکێکی زۆر گەورەو پیرۆزە لەکاتێکدا ئەگەر دایکێک نەتوانێت ئەم ئەرکە بەجێ بگەیەنێت لەڕوی تەندروستیەوە وەزعی ناتەواوبێت، یاخود لەروی کۆمەڵایەتیەوە ژنو مێردەکە رێکنەکەونو ژیانیان ناخۆشبێت یان باری ئابوری ژنو مێردەکە لەبارنەبێت، زۆر ئاساییەو من پێشنیاردەکەم لیژنەیەک تەشکیل ببێت لەنەخۆشخانەی منداڵبون بۆ لەباربردنی ئەو منداڵانە".

ئەو ئاماژە بەوە دەکات کە حەبێکی تایبەت هەیە کە منداڵی پێ لەباردەبرێتو ئازاری دایکەکەش نادات بەڵام "لەبەرئەوەی قەدەغەکراوە ئێمە وەک پزیشکی پسپۆر ناتوانین ئەو حەبە بنوسین، هەرچەندە لەروی زانستیەوە واریدەو ڕێگە پێدراوەو زۆر باشیشە بۆ ژنەکەو هیچ زەرەرێک لەدایکەکە نادات بەڵام بۆ ئێمە نیە بینوسین تا خەبەری ئەوە لەلایەن پزیشکی سۆنەرەوە بەئێمە نەدرێت کە ئەو منداڵە مردوە". دکتۆرە ناهیدە ئاماژە بەوە دەکات، کە گەر منداڵەکە بەتەواوی لەباربچێتو پارچە لەرەحمی دایکەکەدا جێنەمێنێت ئەو کاتە پێویست بەکورتاجیش ناکات. ئەو راستگۆیانە باس لەوە دەکات "کە گەر وڵاتێ مافی ژنی تێدا پارێزراوبێت ئەمە شتێکی زۆر ئاساییو سادەیەو لەوڵاتێکی وەکو سوێددا ژن لەشەش مانگیشدا بەکورتاج دەتوانێ منداڵەکەی لەباربباتو تەنانەت مێردەکەشی بۆی نیە رێگری لێبکات".


بەپێچەوانەی راکانی دکتۆرە ناهیدەوە دکتۆرە شلێر فایەق بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی منداڵبون لەگەڵ لەباربردنی منداڵدا نیەو بەکارێکی نادروستی دەزانێت چونکە" گەر بێینە سەر ئەوەی ژنو مێردەکان کێشەیان هەیەو با منداڵەکان نەبنە قوربانی ئەوە٧٠% خێزانەکانی کوردستان لەبەر عەیبەو بەزۆر بەیەکەوە ماونەتەوە کەواتە بۆچی منداڵ کە رۆحێکی تازەیە ببێتە قوربانی بڕوابکەن گەر بێیتە سەر کێشە رۆژانە بەدەیان چیرۆکمان هەیە کە ژنو مێردەکە لەسەر جیابونەوەنو کاتێک منداڵەکە دەبێت کەسیان نایانەوێت بەزۆر ئەیسەپێنین بەسەر باوکەکەدا بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە مافی لەباربردنمان نیە بەپێی یاسا چونکە هەرچەندە وڵاتێکی ئیسلامی نین بەڵام بنەمای دەستورو یاساکانمان ئاینی ئیسلامەو ڕێگە بەلەباربردن نادات" بەڵام بەپێچەوانەی ئەم ڕایەوە دکتۆرە ناهیدە دەڵێت "ئێمە نابێت هەقی ئاینمان هەبێت ئێمە بەشێوەی زانستیانە دەبێت کاربکەین، ئاین لەشوێنی خۆیدا پێویستە ڕێزی لێبگیرێت نەک بۆ هەرشتێ بگەڕێینەوە سەری گەر وابێت رۆژ بەرۆژ دواکەوتوتر دەبین".بەشێکی تری بڕیاری لەباربردن دەکەوێتە ئەستۆی پزیشکەکانی سۆنەرەوە چونکە ئەوان دەزانن ئاخۆ ئەو منداڵە لەڕوی جەستەییو ئەقڵیەوە تەواوە یان نا وە بەنوسینی ڕاپۆرتی خۆیان بۆ پزیشکی پسپۆر دەتوانن بەشداربن لەلەباربردنی منداڵەکەدا.

دکتۆرە پەروین جاسم پزیشکی تیشکو سۆنار بۆ لەباربردن خۆپاراستنو منداڵ دروست نەکردن بەباشتر دەزانێت لەوەی کە منداڵێ دروست ببێتو دواتر لەبارببرێت چونکە" لەباربردن کارێکی ئاسان نییە جگە لەوەی رەنگە خەڵکێکی زۆر ئەم مافە بەخراپی بەکاربهێنێتو هیچ هۆکارێکیشی بەدەستەوە نەبێت بەڵام منداڵەکەی لەباربباتو ئەمەش ئەرکێکی زۆر لەسەر نەخۆشخانەکان دروست دەکات، رەنگە منیش پێمباشبێت بۆ هەندێ حاڵەتی تایبەتو لەبازنەیەکی داخراودا ئەو کارە بکرێت بۆ ئەو کەسانەی کە منداڵەکانیان ناتەواون چونکە زۆر کەس هەیە دێتە لامان ئاگاداری دەکەین کە منداڵەکەی مەنگۆلە یان دەماخی ناتەواوەو باشتر وایە ئەو منداڵە نەیەتە دنیاوە یان منداڵەکە بشبێت دەمرێت کەچی

دایکەکە دەچێت پرسی مامۆستایەکی ئاینی دەکات یەکسەر ئەوانیش بەلەناوبردنی نەفسێ ناوی دەبەن بۆیە ئەوانیش منداڵەکە لەناو نابەنو کەسێکی کەمئەندام بۆ ئەم کۆمەڵگەیە زیاد دەکەن".

بێگومان مامۆستایانی ئایینی رای جیاوازیان هەیە سەبارەت بەلەباربردنی منداڵ مامۆستا ئەحمەدی شافیعی ئەندامی لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان باسی لەوەکرد کە زانایان بون بەدو بەشەوە سەبارەت بەرۆح بەبەرداکردنی منداڵ بەشێکیان بڕوایان وایە کە دوای ٤٢رۆژ گیان بەبەری منداڵدا دەکرێت بەشێکی تریان ڕایان وایە کە دوای ١٢٠ رۆژ گیان دەکرێت بەبەریدا بەڵام ئێمە وەک لیژنەی فەتوا باوەڕمان بەوەیە کە لە٤٢ رۆژیدا گیان دەکرێت بەبەریداو تەنها کاتێک ڕێگە دەدرێت کە ئەو منداڵە لەباربېرێت کە بڕیاری لیژنەی پزیشکی بڵێت بونی ئەو منداڵە زەرەر لەدایکەکە دەدات ئەو کاتە لەباربېرێت ئاساییە بەڵام ئەگەر یەک هەفتەش بێت زەرەری بۆ دایکەکە نەبێت نابێت لەباربېرێت. بەڵام دڵنیا پێیوایە هەق نیە هەمو شتێ ببرێتەوە بۆ ئاینو مافی ئینسان پێشێل بکرێت.

چاپکردن


Add a comment...
Post to Facebook Posting as Rebecca Gomperts (Change) Comment

Facebook social plugin

سیاسی



**سەرکردەیەکی دەوڵەتی یاسا: بارزانی زیانی بەپەیوەندی دێرینی کوردو شیعە گەیاند**

عەدنان سەراج کە سەرکردەیەکی دەوڵەتی یاسایە، لەم گفتوگۆیەی ئاوێنەدا دەڵێت "مەسەلەی نەوتو غاز هۆکارێکی گرژیو کێشە... زیاتر

ئابوری



**"لوبنان لەڕوی گرانیی بازاڕەوە سێیەم وڵاتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە"**

لوبنان ئەو وڵاتە بچکۆلەیەیە کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی کیشوەری ئاسیاوەو لەڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیو سیاسییەوە وڵاتێکی... زیاتر

کۆمەڵایەتی



**هەرێمی کوردستان لەڕوی دەرونیەوە "وێرانە".. 5 ملیۆن هاوڵاتی، 36 پزیشکی دەرونییان هەیە**

بەپێی توێژینەوەیەك لەهەرێمی کوردستان تەنها 36 پزیشکی پسپۆری دەرونی هەیە کە دابەشبون بەسەر سێ پارێزگای هەولێرو... زیاتر



**نهێنی پاڵپشتیە گەورەکەی چالاکوانانی ئینتەرنێت بۆ خۆپیشاندانەکانی تورکیا**

سێ تورکی شاری نیویۆرک لەماوەی کەمتر لە 36 کاتژمێردا توانیان 58... زیاتر



**"شەڕ لەسەر بێکاری لەشکاندنی وەهمی"سەرۆك سیمبولی حەکیمە"وە دەستپێدەکات**

ئایا ڕێژەی بێکاری لەهەرێمدا لەچ ئاستێکدایە، بەتایبەت لەماوەی... زیاتر



**تارماییەکانی خراپیی تەندروستی حکومەتی هەرێم**

سیستەمی تەندروستی لەهەرێمی نەوتدا، لەژێر ترسی هاوڵاتیانو گومانی...

زیاتر



**عەدنان موفتی: باشترین ڕێگاچارە بۆ دەربازبون لەقەیرانی دەستور سازانی نیشتمانییە**

عەدنان موفتی سەرۆکی خولی دوەمی پەرلەمانی کوردستانو ئە... زیاتر



**سلێمانی: هاوردەکردنی مریشكو گۆشتی سورو هێلکەو ماسی، سنوردار دەکرێت**

لەپارێزگای سلێمانی، بەرهەمی ناوخۆی مریشك لە60% پێداویستی... زیاتر



**کێشە سواوەکەی خوێندن.. خوێندکاری زۆرو خوێندنگا کەم**

ساڵ بەساڵ ڕێژەی قوتابیو خوێندکار لەهەرێمی کوردستاندا رو لەهە... زیاتر



چین: مرداربونەوەی زیاتر لە 6000 بەراز بەهۆی نەخۆشی ئەنفلۆنزای بەرازەوە (ڕۆیتەرز)

**بۆ بینینی کەشو هەوای شارەکانی تر کلیک لێرە بکە**

| دراو | نرخ |
|---|---|
| USD-IQD | 1,157.0000 |
| EUR-IQD | 1,535.2811 |
| EUR-USD | 1.3269 |


Aria
کۆمپانیای ئاریا
فەرهەنگی ئەلکترۆنی کوردی
کوردی - ئینگلیزی
ئینگلیزی - کوردی
عەرەبی - کوردی
کوردی - عەرەبی
ئینگلیزی - ئینگلیزی
دەنگدار (ناطق)
تۆفڵ
فەرهەنگی تایبەت
سلێمانی: 0533202149 07701529669
کەرکوک: 050212953 07701566660
هەولێر: 0662528072 07504821160
دهۆک: 07507363000 07702172000